# ڕامان لە ڕەهەندە ڕاڤەییەکانی کەسێتییە ئاژەڵییەکان، لە دەقە ئایینییەکانی یارساندا

**نیاز مەحموود عەبدولقادر**
**(زانکۆی ڕازیی کرماشان- ئەدەبیاتی فارسی / ئەدەبی بەراوردکاری)**

**پوختە**

ئایینی یارسان (کاکەیی/ ئەهلی هەق)، ئایینێکی کوردییە و پەیڕەوانی زیاتر لە کوردستاندا دەژین و لە دەرەوەی کوردستانیش پەیڕەوانی زۆرن. زۆرینەی شوێنکەوتووانی ئایینی یاری کوردن و زیاتر لە گوند و شار و شارۆچکەکانی هەردوو پارێزگای کرماشان و لوڕستان نیشتەجێن و بەشێکی دیکەیان لە شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستانن.

فەلسەفە و بنەمای سەرەکی و هەرە گرنگی ئەم ئایینە (دۆناودۆنی/ کراسگۆڕین) (الحلول التناسخ)ـە، کە ئەگەر ئەمە لەبەرچاو بگرین، ئەوە ئایینی یاری دەبێتە سێیەم گەورەترین ئایینی جیهان، کە بڕوایان بە دۆناودۆن هەیە.

کتێبی پیرۆزی ئایینی یاری بریتییە لە (سەرئەنجام)، کە بە زمانی کوردیی شێوەزاری گۆرانی (هەورامی) نووسراوە. لە دەقە ئایینییەکانی یارساندا کەسێتیی گیانداری هەیە، کە هەریەکەیان و نیشانە، یان هێمان بۆ شتێک، یان دیاردەیەک و چیرۆکێکیان لە پشتەوەیە، وەکوو (مەلەکەتاوس، سیمورغ، گا، کەڵەشێر، مار، شاباز...تاد)، لەم توێژینەوەیەدا هەوڵمان داوە ڕەهەندە ڕاڤەییەکانی ئەم کەسێتییە ئاژەڵیانە بخەینەڕوو.

## چەمک و واژەی
## (کاکەیی – یارسان – ئەهلی هەق)

### کاکەیی

وشەی (کائاکا، کەئاکە، کائەکا) لە ئاڤێستادا وەکوو ناو و ئاوەڵناو بۆ ڕەگەز (نێر/ مێ) بەکارهاتوون، کە بە واتای (گەورە، مەزن، چاودێر) دێن. وشەی کاکەیی لە کاکەوە هاتووە، کە هەم بۆ تاک و هەم بۆ کۆ بەکاردێ و وەک دەبینین زۆرجار لەجیاتی کاکەییەکان وشەی کاکەیی بۆ پەیڕەوانی ئەم ئایینە بەکاردەهێنرێ. (جیزنی، ٢٠١٥، ١٢٨)

ڕیشەی وشەی (کاکە) بۆ دەورانی سوڵتان سەهاک دەگەڕێتەوە و لە هەندێک لە سروودە ئاینییەکانی سەردەمی سوڵتان سەهاکدا ئەم وشەیە بەکارهێنراوە. (کاکەیی،٢٠١٣، ٥)

ئەز کە وێڵ بووم لە جێ و شارم
بەڵەدمی کرد شای شاسوارم
منی خستە سەر ڕێی ڕاستی
هەتا بژیم بە بێکاسی
من (عابەدین)ی کاکەییم
ئاخر بە مەرامی خۆم گەییم
(بورەکەئی، ١٣٧٥، ٤٩٥)

## یارسان

لەسەر وشەی یارسان ڕاوبۆچوونی جیاواز هەن و ئەم وشەیە لێکدانەوەی زۆر لەخۆدەگرێ، وەلێ دەکرێ بڵێین وشەی یارسان وشەیەکی لێکدراوە و لە هەردوو وشەی (یار+ سان) پێک هاتووە، کە (یار) ناسناوی سوڵتان سەهاکە و بە واتای (خۆشەویست، میهرەبان، دۆست و هاوکار) دێت، هەروەها لە شێوەزاری هەورامیدا (یار) ناوێکی کۆنی خودایە، پاشان (سان)، کە بەشی دووەمی وشەی یارسانە، بە واتای (سوڵتان، مەزن، پیرۆز) دێت، هەر بۆیە یارسانەکان بە نوێکەرەوەی ئایینی یارسان دەڵێن (سان سەهاک)، کە ئاماژەیە بۆ سوڵتان سەهاک. (جیزنی، ٢٠١٥، ١٣٠)

هەروەها دەوترێ وشەی (سان) بە واتای هەرێم، یان مەڵبەند، یان ناوچەیەکی جوگرافی دێت، کە یارانی سوڵتان سەهاک تێیدا نیشتەجێ بوونە. لە لایەکی ترەوە وشەی (سان) بە واتای (بەرد/سەنگ) لێکدراوەتەوە، کە مەبەست لێی باوەڕی بەرز و بەردئاسای یارانی سوڵتان سەهاکە بە ئایینەکەیان. (مەلا عەبدوڵلا، ٢٠٢٠، ١١٧ - ١١٨)

بە شێوەیەکی گشتی دەکرێ بڵێین وشەی (یارسان) هێمایەکی ناسنامەییە بۆ ناسینەوی شوێنکەوتووانی ئایینەکە بەکاردەهێنرێ،



بالوولی دانا

هەندێک جاریش لەبری (یارسان) وشەی (یاری) بەکاردەبرێ. ڕیشەی وشەی یارسان بۆ دەورەی موبارەک شای لوڕستانی (شاخۆشین) دەگەڕێتەوە، کە نزیکەی سێ سەد ساڵ بەر لە سوڵتان سەهاک ژیاوە و لە یەکێک لە سروودەکانیدا باس لە فەلسەفەی ئایینی یارسان دەکات و دەفەرموێت:

**یارسان وە ڕا...**
**ڕای حەق ڕاسییەن، بڕنان وە ڕا**
**پاکی و ڕاستی و نیستی و ڕەدا**
**قەدەم وە قەدەم، تا وە مەنزڵگا**
(کاکەیی، ٢٠١٣، ٨)

## ئەهلی هەق

ئەم وشەیە لە دوو بەش پێک دێت، بەشی یەکەم (ئەهل)، کە بە واتای خەڵک دێت، بەشی دووەمیش (هەق)ـە، کە مەبەست لێی (خودا، یەزدان، مەولا)یە و پێکەوە واتای واژەکە دەبێت بە (خەڵکی خودا)، یان (خوداپەرستان). (کاکەیی،٢٠١٣، ٦)

بەشی دووەمی ئەم وشەیە، واتا (هەق) لە

سروودە ئایینییەکاندا زۆر دووبارە دەبێتەوە و ڕەنگە ئەمەش هۆکاری ئەو ڕێبازە سۆفیگەرییە بێ، کە یارسانەکان پەیڕەوی دەکەن و دەڵێ: مرۆڤ بە چوار قۆناغدا تێ دەپەڕێ (شەریعەت، تەریقەت، مەعریفەت، حەقیقەت)، کە کاتێک سێ پلەی سەرەتا تێپەڕ دەکات و دەگات بە هەقیقەت، ڕووناک دەبێتەوە و لە دەرگەی خودا نزیک دەبێتەوە، کەواتە گەیشتن بە هەقیقەت واتا خود ناسین و خودا ناسین و گەشبوونەوەی گیان (ڕۆح)ی مرۆڤ. (کاکەیی، ٢٠١١، ٤)

وشەی ئەهلی هەق لە گفتوگۆیەکی نێوان شا وەیس قولی (قرمزی) و یارانیدا هاتووە و دەفەرموێت:

**تەمامی ئەعزاش، میکە بو ڕووزە**

**ئینکاری ئەزەل، نە ئاتەش سووزە**

**ئەهلی هەقانم، مەدا من ڕووزە**

واتا ( هەموو ئەندامەکانی بە ڕۆژوو مەکە، ئەوەی ئینکاری ئەزەل بکا بە ئاگر دەسووتێ، من ئەهلی هەقم، ڕۆژوو مەدە من). (خەزنەدار، ٢٠٠١، ٢٩٢)

## مێژووی سەرهەڵدانی ئایینی یارسان

بوونی هەر ئایین و ڕێباز و ئایدیۆلۆژیایەک پەیوەستە بە بوونی پاشخانێکی مێژوویی بەهێز کە بەهۆیەوە دەبێتە خاوەن بناغەیەکی قایم و ڕەگێکی قووڵ لە مێژووی مرۆڤایەتیدا دادەکوتێ. ئایینی یارسانیش یەکێکە لەو ئایینە دێرینانەی خاوەن مێژوویەکی دێرین و پڕ لە سەروەرییە، وەلێ زۆرجار بەهۆی نەبوونی سەرچاوەی پێویست دەربارەی مێژووی ئەم ئایینە،سەرهەڵدان و مێژووی ئایینەکە دەشێوێنرێ، کە هیواداریین ئێمە لەم هەڵەیە بەدوور بین.

ئایینی یارسان یەکێکە لە میراتەکانی مێژووی مرۆڤایەتی بەگشتی و کوردانی زاگرۆسنشین بەتایبەتی کە پڕیەتی لە هێما و ڕازی ژیان و تژییە لە فەلسەفە. ئەفراندنی دنیا و مرۆڤ و فەلسەفەی دۆنادۆن و مۆسیقا و لیریکا، لە بنەما هەرە دیارەکانی یارسان و ڕیشەی ڕەسەنی ئەم ئایینە خاکی کوردستان و چیاکانی زاگرۆسە. (هەورامی، ٢٠١٣، ٤)

ئەگەر بمانەوێ باس لە مێژووی ئایینی یاری بکەین، ئەوە بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین مێژووی ئەم ئایینە سێ قۆناغی جیاواز لەخۆدەگرێ، کە بریتین لە:

**یەکەم:** قۆناغی نادیار

ئەم قۆناغە بریتییە لە ڕۆژی دروستبوونی گێتی، ئەمەش لە دەقە ئایینییەکانی یارسان و لەنێو کتێبی پیرۆزی (سەرئەنجام)دا ئاماژەی پێ کراوە و دەڵێت:

**ئەو ئاتەشخانە... ئەو ئاتەشخانە**

**بارگەی شام وەستەن ئەو ئاتەشخانە**

**(زەردەشت)ش کیاست پەری فرمانە**

**بەرگوزیدەش کەرد نەرووی زەمانە**

بەپێی ئەم دەقە، خودا لە ئاگرخانەیەک یەکەمین هەواری خۆی لەسەر زەوی داناوە، تا بەهۆی یەکەم مرۆڤی دروستکراوی خۆیەوە زەوی بەڕێوە ببات. ئەم دەقە ئەوەمان بۆ دەخاتەڕوو، کە ئایینی یارسان لەگەڵ دەرکەوتنی یەکەم مرۆڤدا پەیدا بووە و دەرکەوتووە. (سەباح،٢٠١٥، ٣٩٥)

واتە کاکەییەکان باوەڕیان وایە ئایینەکەیان لەو ڕۆژەوە دەست پێ دەکات، کە ئادەم (پیر بنیامین) بە ناوی (کاکە)وە لە بنەنگڵی خوداوە هاتووەتە دەرێ. (نەبەز، ٢٠٠٨، ٣٤)

**دووەم:** قۆناغی میترایی و زەردەشتی و ئایینە

هیندۆئارییەکانی تر

ئەم ئایینانە ٣٥٠٠-٤٠٠٠ ساڵ بەر لە ئێستا پەیدا بوونە و ڕیشەی ئایینی یارسانیش بۆ ئەم سەردەمانە دەگەڕێتەوە کە هێما و دەق و بەڵگەی ورد هەن و نیشاندەری ئەو ڕاستییەن، کە ئایینی یارسان بە ئەسڵ و ڕیشە و فەلسەفەوە بۆ سەردەمی ئایینی (زەروانی، میترایی، زەردەشتی، مانی...) دەگەڕێتەوە. (جیزنی، ٢٠١٥، ١٣١)

هەروەها بەهۆی بوونی ئایینی هیندۆسی و بوودایی لە کوردستان، لەڕووی کولتوورییەوە تێکەڵاوی لە نێوان ئایینی یارسان و هەریەک لە ئایینی هیندۆسی و بوودابییدا ڕووی داوە. (نەبەز، ٢٠٠٨، ٢٨)

**سێیەم: قۆناغی پاش ئایینی ئیسلام**

یەکەمین قۆناغ و سەرهەڵدانی ئایینی یارسان پاش ئایینی ئیسلام، دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی دووەمی کۆچی و لەسەر دەستی (باللولی دانا) لە لوڕستان، ئەم هەوڵەش لەڕێگەی سروودگەلی کوردیی شێوەزاری هەورامییەوە بووە، قۆناغێکی نوێ و گرنگی لە مێژووی ئایینی یارساندا هێنایە کایەوە. لە سەردەمی (باللولی دانا) دا و لە سەدەی دووەمی کۆچی تا قۆناغی (پەردیوەر)، تەواوی کەلامەکانی یارسان بە شێوەزاری هەورامی نووسراون، جگە لە کەلامی (عابدینی جاف) نەبێت، کە بەشێوەزاری جافی نووسراوە. (هەورامی، ٢٠١٣، ٣١)

دوای هەوڵەکانی، باللولی ماهی مژدەی سەرهەڵدانی (شاخۆشێنی لوڕستانی) بە یاران دەدات و شاخۆشێن لە سەدەی چوارەمی کۆچیدا دەردەکەوێت و درێژەپێدەری ڕێگەکەی باللولی دانا دەبێت، پاشان پەیرەوانی باللولی دانا و ئەو (خورەمدینان)ەیش، کە دوای (بابەک)ی سەرکردەیان پەرتەوازە بووبوون لە دەوری خۆی کۆ دەکاتەوە و ئایین و بیروباوەڕەکەی وەردەگرن، هەر ئەمەش هۆکاری دامەزراندنی ناوەندی ئایینیی یارسان و گەشەکردنێتی لە لوڕستان، هەروەها دوای شاخۆشێنی لوڕستانی، چەندان کەسایەتی ئایینیی دیکە دەردەکەون، کە لە بەرەوپێشبردن و گەشەسەندنی ئایینی یارساندا هاوکار بوونە و شوێندەستیان دیارە، لەوانە:

١- بابا سەرهەنگی دوودانی.

٢- بابا جەلیلی دوودانی.

٣- بابا ناوسی سەرکتی.

هەریەک لەم کەسایەتییانە تا سەدەی حەوتەمی کۆچی، ڕابەرایەتی بزاڤی یارسان دەگرنە ئەستۆ، پاش ئەمانیش و لە سەدەی حەوتەمی کۆچیدا (سوڵتان سەهاک) دەردەکەوێت، ئەمەش بە قۆناغێکی دیکەی پاش ئایینی ئیسلام دێتە هەژمار و بە یەکێک لە قۆناغە هەرە گرنگەکان دادەنرێت. لەم قۆناغەدا سوڵتان سەهاکی بەرزنجەیی پشت بە ڕێکوپێککردن و سەرلەنوێ داڕشتنەوەی بنەما فکرییەکانی ئەم ئایینە دەبەستێ و لەم بوارەدا زۆر سەرکەوتوو دەبێ. جیا لەمانەش کەسایەتی سوڵتان سەهاک کاریگەرییەکی بەرچاوی لە سەرهەڵدانی زۆربەی بزاڤ و ڕەوتە ئایینی و فیکرییەکانی هاوچەرخی خۆی دەبێ. (تاهیری،٢٠٠٩، ٩٠)

لە کۆتاییدا دەکرێ بڵێین سەدەی حەوتەم و هەشتەمی کۆچی، سەردەمی زێڕینی گەشەسەندنی ئایینی یاری بووە و هۆکارەکەشی بۆ هەوڵەکانی سوڵتان سەهاک دەگەڕێتەوە، کە بنەما و ڕێساکانی ئەم ئایینەی تەواو کرد و زۆربەی دەقە پیرۆزەکانی یارسانی لە کتێبێکدا بە ناوی (سەرئەنجام) کۆکردەوە و بۆ

پەیڕەوانـی ئایینـی یارسـانی بەجـێ هێشـت.

## شوێنی نیشتەجێبوونی پەیڕەوانی ئایینی یارسان

ئایینـی یـاری لـە لوڕسـتانەوە سـەری هەڵداوە و لـە کوردسـتان بـڵاو بووەتەوە، هەربۆیە لوڕسـتان و کوردستان بـە سـەرچاوەی ئـەم ئایینـە دادەنرێن. ئێسـتاش ئـەم دوو شـوێنە مەڵبەنـدی سـەرەکی پەیـڕەوان و شـوێنکەوتووانی ئـەم ئایینـەن. لەگـەڵ تێپەڕبوونـی کاتـدا ئایینـی یـاری لـە سـەرجەم ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا بـڵاو بووەتـەوە، هـەر لـە (هیندسـتان و پاکسـتان و ئەفغانسـتانەوە تـا دەگاتـە ئێـران و عێـراق و تورکیـا و ئازەربایجـان). لەمـڕۆدا پەیڕەوانـی ئایینـی یارسـان لـە ڕۆژهـەڵات و باکـوور و باشـووری کوردسـتان و عێـراق و ئێـران و تورکیـادا لـە هەریـەک لـە شـارەکانی (کرماشـان، کەرکـووک، مووسـڵ، ئورفـا، هەکاری، وان، دێرسـیم، تـاران، شـیراز، تەبرێـز، بەغـداد...) بوونیـان هەیـە و لـە هەرێمـی کوردسـتان پارێـزگای کەرکـووک بـە مەڵبەنـدی سـەرەکییان دادەنـرێ. (کاکەیـی، ٢٠١٣، ٨)

سـەبارەت بـە ژمـارەی پەیڕەوانـی ئـەم ئایینـە، تـا ئێسـتا سـەرژمێرییەکی ورد لەبەردەسـتدا نییـە، بـەڵام بـە نزیکـەی چـوار ملیـۆن دێنـە ژمـار.

## کتێبی پیرۆز و فەلسەفەی ئایینی یارسان

یارسـانەکان تەنیـا یەک کتێبـی پیرۆزیان نەبووە، بەڵکوو هـەر تیـرە و هـۆز و بنەماڵەیـەک کتێبێکـی تایبـەت بـە خۆیـان هەبـووە. (خەزنـەدار، ٢٠٠١، ٢٢٨). ئایینـی یارسـان خاوەنـی سـەرچاوەیەکی دەوڵەمەنـدە لـە کتێبـدا و بەشـێکی زۆر بـاش و گرنگـی لـە کتێبێکدا بـە نـاوی (سـەرئەنجام)، یان (کەلامـی خەزانـە) کۆکراوەتـەوە و سـەرجەمیان بریتیـن لـە فەرموودەکانـی سـوڵتان سـەهاک و یارانـی، کـە لـە سـەدەی هەشـتەمی کۆچیـدا ژیـاون. ئـەم کتێبـە پیـرۆزە بـە زمانـی کوردیـی شـێوەزاری هەورامـی نووسـراوە و لـە هەورامانـدا پارێـزراوە. کتێبـی سـەرئەنجام لەلایـەن دوکتـۆر (سدیق سـەفی زادە بۆرەکەیی)ـەوە و لـە سـاڵی ١٣٧٦ی هەتاویدا (١٩٩٧ز)، بـە نـاوی (دانشـنامە نـام اوران یارسـان) و (نامـە سـرانجام/ کلام خزانـە) لـە تـاران چـاپ کـراوە.

کتێبـی سـەرئەنجام شـەش بـەش لەخۆدەگـرێ و بریتیـن لـە:

١- بارگە بارگە.
٢- دەورەی هەفتوانە.
٣- گلیم و کول.
٤- دەورەی چلتەن.
٥- دەورەی عابدین و وردە سەرئەنجام.
(نەبەز، ٢٠٠٨، ٣٥)

کتێبـی سـەرئەنجام، یـان سـروودی ئایینیـی یارسـان لـە دوو بـەش پێکهاتـووە، بەشـی یەکەمـی پەخشـانە و بەشـی دووەمـی شـیعر. پەخشـانەکان پارچەپارچـەن و سـەرەتای پەخشـان بـە دروسـتبوونی (گـەردوون = بـوون) دەسـت پـێ دەکات و خوو و ڕەوشـت و کولتووری یارسـانەکان پێشـان دەدات، هەرچـی سـروودە شـیعرییەکانیشـە پێکهاتـوون لـە (١٠) پارچـە و بریتیـن لـە:

١- خـان ئەڵمـاس، وەسـفی دروسـتکردنی بـوون دەکات.
٢- عالـی قەلەنـدەر، وەسـفی گۆڕانـی نـاوەوەی خـۆی دەکات.
٣- گفتوگـۆی سـوڵتان سـەهاک لەگـەڵ ڕێبـەر میکائیـل.
٤- لەبارەی کردگارناسین و لێبووردنەوە.
٥- لەبارەی ڕێوڕەسمی قوربانیکردنەوە.
٦- ستایشی داود.

٧- ستایشی مەعشوق عەلی.
٨- ستایشی بابا یادگار.
(خەزنەدار، ٢٠٠١، ٢٢٩)

هەریەک لە بەشەکانی کتێبی سەرئەنجام و پەخشان و سروودەکانی ئەم ئایینە، فەلسەفە و عیرفان و ڕۆشنبیریی کوردمان لە سەردەمانی کۆندا نیشان دەدەن. یارسانەکان باوەڕیان بە فەلسەفەی (دۆنادۆن) هەیە و پێیان وایە گیان نامرە و کاتێک لە لەش دەردەچێ، دەچێتە لەشێکی دیکەوە. ئەگەر گیانەکە پاک بێ، دەچێتە جەستەی منداڵێکی ساوا، یان کۆمەڵێک گیاندارەوە، کە لە بەشەکانی دواتردا ئاماژەیان پێ دەدەین، خۆ ئەگەر گیانەکە خراپ، یان تاوانبار بێت، ئەوە دەچێتە جەستەی ئاژەڵێکی درندەوە. بەپێی فەلسەفەی یارسان سووڕی گیان کاتێک تەواو دەبێت، کە گیانەکە پاک بێتەوە. جگە لە فەلسەفەی دۆنادۆن، یارسانەکان لایەنگری فەلسەفەی ئیشراق، یان تیشکهاویشتنن، کە فەیلەسووفی کورد (شەهابەددینی سوهرەوەردی) یەکێک بووە لە لایەنگرانی ئەم فەلسەفەیە و هەر لەبەر ئەمەش بە پلان و فێڵی مەلا عەرەبەکان و فەرمانی سەلاحەددینی ئەیووبی شەهید کرا. (نەبەز، ٢٠٠٨، ٣٦)

بەشێوەیەکی گشتی فەلسەفەی یارسان لەسەر چوار بنەمای سەرەکی وەستاوە، وەک لە دەفتەری یاریدا هاتووە و دەفەرموێ:

**یاری چار چێوەن باوەرێ وەجا**
**پاکی و ڕاستی و نیستی و ڕدا**
(الهی، ١٣٦١، ٢٢)

١- پاکی: مانا تایبەتییەکەی ئەم بنەمایە بریتییە لە پاکی و چاکیی هزر و گوفتار و ڕەفتار، کە ئەم سێ بنەمایەش کۆڵەکەی گرنگی ئایینی زەردەشتین (بیری باش، گوفتاری باش، کرداری باش).

٢- ڕاستی: واتا گرتنەبەری ڕێگەی ڕاست و دۆستی چاکە و دوورکەوتنەوە لە خراپە.

٣- ڕدا: بە مانای گیانی هاوکاریی و فیداکاری بەرانبەر بە دروستکراوەکانی خودا. (کاکەیی، ٢٠١٣، ٩)

٤ - نیستی: واتا نابوودکردنی (غروور، لووتبەرزی، خۆبەگەورەزانین، هەوا و هەوەسی نەفسانی) و بۆ ئەوەی سەرئەنجام مرۆڤ خۆی ئامادە بکات تا بوونی تێکەڵ بە بوونی خودا ببێ، واتا فانیبوون لە بوونی یەزداندا و گەیشتن بە قۆناغی نیستی.
(https://www.dabran.org)

## پێشەوا و ڕابەرانی یارسان

١- بالوولی دانا
٢- شاخۆشێن (موبارەکشای لوڕستانی)
٣- بابا ناوسی جاف
٤- سوڵتان سەهاک
٥- بابا عەلی هەمەدانی
٦- بابا یادگار

جگە لەم پێشەوا و کەسایەتیانەی ئایینی یاری، کە هەموویان پیاون، ئایینەکە گرنگییەکی زۆری بە ئافرەت داوە و هەر بەپێی فەلسەفەی ئایینەکە، ئافرەت و پیاو یەکسانن و لێرەدا گرنگی بە گیان دەدرێ نەک ڕەگەز.

ئەو ژنانەی لە ئایینی یارساندا پێگە و شوێنی دیاریان هەیە، بریتین لە:

١- دایە تەورێزی هەورامی
٢- گەڵاڵە خانمی لوڕستانی (دایکی شاخۆشێن)
٣- لزا خانمی جاف
٤- خاتوو مەیزەرد

٥- فاتمه لوڕه

٦- دایه خەزانی سەرکەتی

٧- خاتوو دایراکی ڕەزبار (دایکی سوڵتان سەهاک)

٨- یای حەبیبەی شارەزووری

٩- پیر نازدار خاتوونی شیرازی

ئەمانە و چەندان ژنی دیکە هەن، کە لە ئایینی یاریدا خاوەنی ناوبانگ و پایەی گەورە و گرنگن، ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە ئایینەکە ئایینی یەکسانخوازییە و جیاوازیی لە نێوان دوو ڕەگەزەکەدا (نێر/ مێ) نەکردووە.

## ڕامان لە ڕەهەندە ڕاڤەییەکانی کەسێتییە ئاژەڵییەکان لە دەقە ئایینییەکانی یارساندا

لە دەقە ئایینییەکانی یارساندا ناوی چەندان جۆر ئاژەڵ هاتووە و ئاماژەیان پێ کراوە، کە هەریەک لەم ئاژەڵانە پێگە و شوێنی دیاریان لە ئایینەکەدا گرتووە و پیرۆزی و قودسیەتی خۆیان هەیە. خۆ ئەگەر بمانەوێ لەم کەسێتییە ئاژەڵیانە بدوێین، ئەوە هەر ئاژەڵێک و باس و لێکدانەوەی جیاواز لەوی دی لە خۆ دەگرێ، کە هەوڵ دەدەین لێرەدا ئاماژە بە کۆمەڵێکیان بکەین.

*** کەڵەشێر**

کەڵەشێر یەکێکە لەو گیاندارانەی لە دەقە ئایینییەکانی یارساندا گرنگیی زۆری پێ دراوە و جۆرێک لە پیرۆزیی وەرگرتووە. ئەم گیاندارە وەک جۆرێک لە تۆتم بۆ قوربانیکردن ڕێزی لێ دەگیرێ و هەر خێزانێک، یان بنەماڵەیەکی یارسانی لە درێژایی ساڵێکدا دەبێ حەوت قوربانی بکات، کە بریتییە لە حەوت کەڵەشێر. هەروەک لە سەرئەنجامدا هاتووە و دەفەرموێ:

**حەرام سەرەی گاو، حەڵاڵ سەرەی ئەو**

**ئەرم خوروسا وەیتەور وە ئەخزەر**

**پا لوقمەی خوروس یارانم مووە سیر**

**دیدە وە خوروسم پا گاو جام نویر**

**ها پەر و باڵش زەڕا وە زەنجیر**

**چەی وەربیم بییا ها چەنی وایر**

**میرمان ئاما پا برای ئەمیر**

**چەنی کەلەزەردەم نییەنەش تەوفیر**

**خوروسم نەقدا لوقمەی باقی ویر**

ئەم فەرموودەیە ئاماژە بە پیرۆزیی کەڵەشێر دەکات و دەڵێت، ئەو ڕۆحە پاکانەی توانایی سەرکەوتنیان هەیە لە جەستەی کەڵەشێردا نیشتەجێ دەبن، تا لەپێناو هەقدا بکرێن بە قوربانی. (تاهیری، ٢٠٠٩، ٣٩)

دیارە ڕیشەی ئەم بەقوربانیکردنەی کەڵەشێر لە ئایینەکەدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو خاتەی، کە سوڵتان سەهاک و کۆمەڵێک لە یارانی کاتێک لە بەرزنجەوە بەرەو هەورامان دەچن، لە چیای دالاهۆ لە کێوی شنروێ هێزێکی چەکدار پەلاماریان دەدەن و سوڵتان و یارانی پەنا دەبەنە بەر ئەشکەوتێک بە ناوی (مەڕنۆ) و ماوەی سێ شەو و سێ ڕۆژ تێیدا دەمێننەوە،پاشان لە ڕۆژی چوارەمدا ڕزگاریان دەبێت و لەلایەن ئافرەتێکەوە میوانداریيان لێ دەکرێ و خواردنیان پێ دەدرێت، خواردنەکە بریتی دەبێ لە (برنج و گۆشتی کەڵەشێر)، هەر بۆیە یارسانەکان ماوەی سێ ڕۆژ بە ڕۆژوو دەبن و چوارەم ڕۆژ جەژن دەگێڕن و خواردنی جەژنیان برنج و گۆشتی کەڵەشێر دەبێت.

دیارە کەڵەشێر هەر بۆ خۆیشی هێمای کۆتایی هاتنی شەو و دەستپێکردنی ڕووناکییە، واتا سەرکەوتنی ڕووناکی بەسەر تاریکیدا و ئەم چیرۆکەی سوڵتان سەهاکیش هەمان لێکدانەوە وەردەگرێ، کە دوای سێ شەو و ڕۆژ لە تاریکیی

ئەشـکەوتدا ڕزگاریـان دەبـێ و بـە ڕووناکـی و ڕۆژێکـی نـوێ شـاد دەبنـەوە.

*** گا**

یەکێکـی تـر لـەو گیاندارانـەی لـە دەقـە ئایینییەکانـی یارسـاندا نـاوی هاتـووە و بـۆ قوربانیکـردن کەڵکـی لـێ وەرگیـراوە، بریتییـە لـە گا. گا لـە ڕووی ئایینـی، گیاندارێکـی پیـرۆز و کیومەرسـە و قوربانیکردنـی گا لـە ئایینەکـەدا، ڕیشـەکەی دەگەڕێتـەوە بـۆ ئایینـی میترایـی و مەبەسـت لـە قوربانیکردنـی گا نوێکردنـەوە و بووژاندنـەوەی سیسـتمی ئاسـمانی و ئەفراندنـی ژیانـە، ئەمـەش واتـا هێـز لـە بەرانبـەر ئیـرادەی سەرووسرووشـتەوە دەکرێتـە قوربانی، خـۆ ئەگـەر سـەیری ئایینـە زەمینییـەکان بکەیـن، ئـەوە هەمیشـە گیانـداری گـەورە و بەهێـز کـراون بـە قوربانـی، وەکـوو (حوشـتر، ئەسـپ، گا، مانـگا، بـەران...).

لـە کەلامـی گـەڕی (سـاوا)دا، دەربـارەی قوربانیکـردن و چۆنیەتـی بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسـمی قوربانیکردنەکـەدا هاتـووە، کـە ئـەو گایـەی دەبرێت بـۆ قوربانیکـردن دەبێت خاوەنی جیلوەی ڕۆحـی بابـا یـادگار بێـت، هەروەهـا یەکێـک لـەو چیرۆکانـەی وا دەکات گا لـە ئایینەکـەدا پیـرۆز بـێ، چیرۆکـی سـکپڕبوونی گەڵاڵـە خانـی لوڕسـتانییە، کـە دەکاتـە دایکـی (شاخۆشـێن/ باوەخۆشـێن). چیرۆکەکـە وا گێڕدراوەتـەوە، کـە ڕۆژێـک گەڵاڵـە خانـم لەبـەر هەتـاودا پـاڵ کەوتـووە و خـەوی لـێ کەوتـووە، لـەم کاتـەدا تیشـکی خـۆر دەچێتـە نێـو دەمییـەوە و دەبێتـە هـۆی سـکپڕبوونی. پـاش ئـەم ڕووداوە گەڵاڵـە خـان زۆر دەترسـێ لـەوەی خێزانەکـەی بیکـوژن، بـەڵام خـودا یارێکـی خـۆی لـە لەشـی (کاکـەردای لوڕسـتانی)، کـە لەگـەڵ فریشـتە (جوبرەئیـل)دا یـەک ڕەوانـن، دەنێـرێ بـۆ لای و پێـی ڕادەگەیەنـێ (مەترسـە، سـکەکەی تـۆ دیاردەیەکـی یەزدانییـە)، پاشـان کاکـەردا، گەڵاڵـە خـان بـە سـواری گایـەک دەبـات بـۆ ماڵـی خۆیـان و دەیپارێزێـت، تـا کاتێـک باوەخۆشـێن لەدایـک دەبێ. لـە لێکدانـەوەی ئـەم چیرۆکـەوە دەتوانیـن بگەیـن بـەو ئەنجامـەی کـە گا لای یارسـانەکان پیـرۆزە و وەک هـۆکاری ڕزگارکردنـی گیانێکـی پیـرۆز دادەنرێـت و هۆکارێکـە بـۆ ژیـان، کـە ڕزگارکردنـی گیانـی (گەڵاڵـە خـان و شاخۆشین)ـە.

*** هەڵۆ (شاباز)**

هەڵـۆ، یـان شـاباز لـە دەورەیـەک لـە دەورەکانـی یارسـاندا بـە نـاوی دەورەی (دامیـار)، یان دەورەی بەرزنجـە، زۆر بـاس کراوە و وەک گیانداریکی گرنگ و پیـرۆز ئامـاژەی پـێ کـراوە. یەکێـک لـە لایەنـە ڕاڤەییەکانـی هەڵـۆ، کـە لێـرەدا گرنگـە ئامـاژەی پـێ بدەیـن بریتییـە لـەو بـاوەڕە ئایینییـەی، کـە پەیڕەوانـی ئایینـی یـاری هەیانـە و پێیـان وایـە (هەڵـۆ) خـودی سـوڵتان سـەهاک، یـان گیانـی پیـرۆزی سـوڵتان سـەهاکە. لـە لایەکـی تـرەوە لـە ئایینـی یاریـدا، هەڵـۆ هێمایەکـە بـۆ گەیشـتن بـە پلـەی بـەرزی عیرفانـی و خواناسـی، ئەمـەش لـەوەوە سـەرچاوە دەگرێـت، کـە هەڵـۆ خـاوەن هێزێکـی زۆرە لـە فڕینـدا و دەگاتـە بەرزتریـن شـوێن لـە فڕیندا و بـەردەوام لەسـەر لووتکەکانـدا دەبینرێـت، هـەروەک کاکـە ڕدای لوڕسـتانی لـەم دوو بەیتـەدا دەفەرمـوێ:

**سفیدە بازم، سەربالْم نەکوێ**

**مەلەوانیم کەرد جە ئاو ئامۆی**

**ڕۆژم کەرد وە شەو شەوم کەرد وە ڕۆژ**

**خەرقەی خوەشینەن بێ تان و بێ پۆی**

واتـا ( مـن ئـەو بـازە سـپییەم، کـە شاباڵەکانم کێشـاوەتە سـەر کێـوان و لـە نـاو ئـاوی ڕووبـاری ئامۆیـدا مەلەوانیـم کـردووە. لـە پلەوپایـەی

خواناسیدا گەشتوومەتە جێگایەک، کە توانایی‌م بەسەر هەموو شتێکدا هەیە و دەتوانم شەو بکەم بە ڕۆژ و ڕۆژ بکەم بە شەو، یان خۆشی بکەم بە ناخۆشی و ناخۆشی بکەم بە خۆشی) (بۆرەکەیی، ٢٠٠٨، ١١٢)

هەر بەپێی ڕامانی یارسانەکان، لە سەرەتای سەرەتادا و پێش (بوون) کاتێک ئەم گەردوونە نەبووە، خودا لە شێوەی مەلێکدا بووە و ئەو مەلەیش (هەڵۆ) بووە. (نەبەز، ٢٠٠٨، ٤٥٧). خۆ ئەگەر سەیری سەرچاوە مێژووییەکان بکەین، دەبینین کە مێژووی بەکارهێنانی هەڵۆ لەلایەن کوردەوە، ڕەگێکی زۆر کۆنی هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ ٢٥٠٠ ساڵ پێش زاین و ئەم باڵندەیە وەک هێمای نێو ئاڵای کوردان، لە چەندان سەردەمی جیاوازدا بەکارهێنراوە و گرنگترینیان سەردەمی میترایییەکانە، کە خۆری باڵدار و هەڵۆ و شێریان وەک هێمای تایبەتی خۆیان بەکارهێناوە، پاشان لەنێو ئایینەکانی دیکەی کورددا بڵاو بووەتەوە، هەروەک لە ئایینی یارساندا دەیبینین. (میرزادەیی، ٢٠٢٠، ٤٥٧)

*** مراوی**

لە تەوەرەکانی پێشوودا ئاماژەمان بەوە کرد، کە یارسانەکان باوەڕیان بە فەلسەفەی (دۆنادۆن) هەیە و پێیان وایە گیان نەمرە، چون گیان بریتییە لە فووی خودا و مردن، واتا گەڕان و سووڕی گیان لە لەشێکەوە بۆ لەشێکی تر، هەروەها ئەم پرۆسەی ژیان و مردن و سووڕی گیانەش بە مراوییەک دەچوێنن، کە لە ناو ئاودا بێت و لەلایەکەوە سەری دەنێتە نێو ئاوەکەوە و لەلایەکی ترەوە سەر دێنێتە دەرەوە، ئەمەشیان بەم شێوەیە بە هەڵبەست ڕێک خستووە:

**مەردان مەترسن وەی سیاسەتە**
**مردنی مەردان جۆر قووتەی بەتە**

لێرەدا مەبەست لە وشەی (بەت) مراوییە، کە وشەیەکی کۆنی هیندۆئەورووپییە. (نەبەز، ٢٠٠٨، ٣٨ - ٣٩)

*** مەلەکەتاوس**

مەلەکەتاوس لە ئایینی یاریدا بەشێکە لە هێز و ویستی خودا، بە پێچەوانەی ئەو لێکدانەوانەی بۆ ئەم باڵندەیە کراون، گوایە مەلەکەتاوس شەیتانە و یارسانەکان ئەم باڵندەیە دەپەرستن و دابی تایبەت بەم پەرستنە جێبەجێ دەکەن و شەیتان پیرۆز دەکەن. لە ڕامانی یارساندا باوەڕ وایە هەر کەسێک لە گەورەکانیان بمرێت، گیانی بە مەلەکەتاوسەوە پەیوەست دەبێ، هەروەها لە دەقە ئایینییەکاندا ئاماژەی پێ دراوە، کە مەلەکەتاوس ئاماژەیە بۆ نووری خۆر و پەڕی تاوس هێمای نووری خۆرە، هەروەک (باوە نائووسی جاف) دەفەرموێ:

**مەهێ چە باڵان مەهێ چە باڵان**
**ناوزم نە تاس مەهێ چە باڵان**
**پەڕوو تاوسان ئەز کەردەنم بەش**
**تاڵانم کەردەن مورغان و مەبەش**
**خورشیدم تاوس تاوسمە چل نەخش**
**تیر تێژ باڵم باڵدان نە سەر تەخش**

لەم دەقەی بابا نائوس و بەشێک لە دەقە ئایینییەکانی تری یارساندا دەربارەی مەلەکەتاوس و پەڕی مەلەکەتاوس قسە کراوە و بە واتای نووری خۆر دێت. هەر لە ئایینی یاریدا (پیر بنیامین) یەکەم تەجەللای خودایە و دەبێت بە دۆنی مەلەکەتاوس و لەگەڵ ئەم باڵندەیەدا یەکن. (حیجازی، ٢٠١٢، ٦٨-٦٩)

*** سیمورغ**

سیمورغ باڵندەیەکی ئەفسانەییە، نیشانەی

هێـزە و بـە شـای باڵنـدەکان دادەنرێـت، لـە سـۆفیزمی یارسـانەکاندا نیشـانەی تـەواوی و کامڵیـی ئادەمـزادە و سـۆفییان بـە پرتـەوی خودای دادەنێـن، کـە لـە قاڵبـی ماتریالیدا خـۆی دەنوێنێـت.

(شـا ئیبراهیـم) لەگـەڵ گرنگیدانـی بـە ڕووداوە کۆنـەکان و بەکارهێنانیـان وەک ڕەمـز بـۆ لێکدانـەوەی نهێنییەکانـی ئایینـی کاکەیـی، بایەخێکی زۆریشـی بـە دروشـمە تایبەتەکانی ئـەم ئایینـە داوە، هـەروەک لـەم سرووددەیدا دەفەرموێ:

**یورتی من عەنقا یورتی من عەنقا**

**نە یانەی ئەزەل، یورتی من عەنقا**

**نە قاڵبی چین، نوور ئەز موهەییا**

**جەدد و عالەمی، ئەز نان بیا**

**جامەی ئەز بیا، مەشیانە و مەشیا**

**ئیگاش نی پەردە، سککەم بی ڕەوا**

واتـا لـە ڕۆژانـی پێش کـردگار پەڕی من سـیمورغ بـوو، تیشـکی مـن ڕووناکـی گەیانـدە چیـن و مـن باپیـری هەمـوو خەڵکـی ئـەم گەردوونـە بـووم، ئـادەم و حـەوا پەیکـەری مـن بـوون، ئێسـتاش منـم پێوەنـدی نێـوان کـردگار و بەنـدە.

*** مار**

یەکێکـی تـر لـەو ئاژەڵانـەی لـە ئایینـی یاریـدا گرنگیـی پـێ دراوە بریتییـە لـە (مـار). مـار لـە مێـژووی کـورد و ئایینـە دێرینەکانـی کـورددا، بـە نموونـە ئایینـی (میترایـی) هێمـا و سـیمبۆلی بەردەوامـی و هێـز و تەندروسـتی و نەمرییـە، هەروەهـا لـە ئایینـی ئێزیدیشـدا مـاری ڕەش گرنگـە و کوشـتنی حـەرام کـراوە و پێیـان وایـە کەشـتیی نـووح خـۆی بـە چیـای جـوودی لـە باکـووری کوردسـتان دەکێشـێ، کـون دەبـێ و مارێکـی ڕەش خـۆی لەسـەر کونەکـە گرمۆڵـە دەکات و ناهێڵێت ئـاو بچێتـە نـاو کەشـتییەکەوە.

لـە ئایینـی یارسانیشـدا مـار بـە پەیوەسـتی نێـوان زەوی و ئاسـمان و پارێـزەری زەوی دادەنرێـت. خـۆ ئەگـەر ورد سـەرنج بخەینـە سـەر ئـەم باسـە، بۆمـان ڕوون دەبێتـەوە سـەرجەم ئـەم چیرۆکانـە دەچنـەوە سـەر ئـەو مەبەسـت و پەیامـەی، کـە مـار هێمـای پاراسـتن و هێـزە.

*** سەگ**

سـەگ لـە ئایینـی یارسـاندا وەک نیشـانەی وەفـا و دڵسـۆزی لێـک دراوەتـەوە، هەروەهـا وەک هێمـای خزمەتکـردن بـە پیـر و یارانـی ئایینەکـەش دادەنرێـت، هـەروەک (سـەید مسـتەفا) لـە دەورەی هەفتەوانـە لـە بەنـدی ٤٩ دا دەفەرمـوێ:

**جامە و مزهرم عیان است...**

**جامە و مزهرم در خانەای ازل عیان است**

**سید محمد در پیکرەای ابوالبشر تجلی کرد**

**من هم در ان دم از او دیدەبانی می کردم**

**و شبها مانند سگ پاسبانی می کردم**

(بورکەئی، ١٣٧٥، ٢٩٩)

لـەم کەلامـەی سـەید مسـەفادا دەردەکەوێت، کە سـەگ لـە ڕامانـی یارسـاندا بریتییـە لـە ئاژەڵێکـی بەنـرخ و دڵسـۆز، هەروەهـا پاسـەوانێکی وەفـادار و لـە دەقـە هەورامییەکانـدا وەک گیاندارێکـی (بـاش/ نیـک) ئامـاژەی پـێ کـراوە.

*** ئەسپ**

ئەسـپ کەسـێتییەکی تـری ئاژەڵیـی نێـو دەقـە ئایینییەکانـی یارسـانە، لـە کتێبـی سـەرئەنجامدا ستایشـی کـراوە و وەک گیاندارێکـی بەنـرخ و بەسـوود، هەروەهـا دروسـتکراوێکی پاکـی خـودا دادەنرێـت، هەربۆیـە یارسـانەکان هەوڵـی بەخێوکـردن و پەروەردەکردنـی ئـەم ئاژەڵـە دەدەن. لـە کتێبـی (کۆمەڵێـک پەیامـی ئەهلـی هـەق)دا هاتـووە و (محەمـەد بـەگ) فەرموویەتـی، لـە پـاش نەمانـی مـن (خـان ئاتـەش) دەردەکەوێت

و دوای ئەویش (ئیمام قولی) دەردەکەوێت و پێویستە هەمووان گوێڕایەڵی فەرمانەکانی بن و پەسەندی بکەن. پاش نەمانی (محەمەد بەگ) خان ئاتەش جێگەی گرتەوە و هەمووان بوون بە یار و شوێنکەوتەی. دوای ماوەیەک داوای کرد ئەسپێک ئامادە بکەن تا بچێتە ڕاو، پاشا ئەوەی ئەسپەکەیان بۆ ئامادە کرد، خان ئاتەش و هاوەڵانی بۆ ڕاوکردن بەڕێ کەوتن و پاش کەمێک خان ئاتەش لە ناوەڕاستی ڕێگەکەدا دەبێتە شاباز و هەڵدەفڕێت و لەسەر لوتکەی چیای (سەهەند) دەنیشێتەوە. لەو کاتەدا پەڵەهەورێک لەسەر لوتکەی چیاکە دەردەکەوێت و شاباز دیارنامێنێ. پاش ئەم ڕووداوە (فەرامەرز بەگ)ی کوڕە گەورەی خان ئاتەش بە (ئیمام قولی)ی برای گوت (دەبێت من لەسەر تەخت و لە شوێنی باوکم دابنیشم)، گەورەکان چوونە سەر لوتکەی چیای سەهەند بۆ دڵنیابوون لە گەورەیی زاتی ئەو، لەم کاتەدا ئیمام قولی بۆ نیشاندانی گەوهەری خۆی، بەشێوەی ئەسپێکی گەورە و جوان خۆی نیشان دا و بەرەو شاخەکە ڕای کرد. گەورەکان ئەمەیان بینی، چوونەوە بۆ لای ئیمام قولی و کەوتنە سەر زەوی و متمانەی خۆیان پێ بەخشی و وەکوو گەورەی خۆیان پەسەندیان کرد. (بورەکەئی، ١٣٧٥، ٢٠٢)

لەم چیرۆکەوە بەو ئەنجامە دەگەین کە ئەسپ ئەفرێنراوێکی پاکی یەزدانە لە ئایینی یاریدا و ئیمام قولی خاوەن گیانێگی پاک و کەسایەتییەکی بەهێز بووە و لە شێوەی ئەسپێکی بەهێز و جواندا خۆی نیشان داوە.

*** بەراز**

بەراز لە ئایینی یارساندا یەکێکە لەو ئاژەڵانەی خواردنی گۆشتەکەی حەرامە، ئەمەش لە گفتوگۆیەکی نێوان قرمزی (شاوەیس قولی) و یارانیدا، سەبارەت بە ڕوونکردنەوەی بیروباوەڕە پراکتیکییەکانی ئایینی یارسان هاتووە، کە کۆمەڵێک خەڵکی ناوچەی شاهۆ بەراز ڕاو دەکەن و گۆشتەکەی دەخۆن، کاتێک دەچنە لای قرمزی پێیان دەڵێت:

**یاران ئاشناسان، ئاهۆنی ئاهۆ**

**هەرکەس گۆشت گلە چنش مەیابۆ**

واتا ئەی یاران ئێوەم یەک بەیەک ناسیوە و هەرکەس گۆشتی خواردووە بۆنی لێ دێ، ئاسمان و زەوی وەختە ببنە یەک. کە مەبەستی حەرامێتی و نەشیاویی خواردنی گۆشتی بەرازە، ئەمەش لەو باوەڕە ئایینییەوە سەرچاوە دەگرێت، کە خواردنی گۆشتی بەراز زیان بە تەندروستیی لەش دەگەیەنێت.

## ئەنجام

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا بەو ئەنجامە گەیشتین کە لێکدانەوەی کەسێتییە ئاژەڵییەکان دەکرێ بکرێت بە دوو دەستەوە:

١- دەستەی یەکەم بریتییە لەو گیاندارانەی بەپێی باوەڕی یارسانەکان، گیانی مرۆڤ پاش نەمانی دەچێتە لەشیانەوە و لەشێوەی ئەواندا خۆی نیشان دەدات و بەشێکی زۆری ئەو گیاندارانەش لە پۆلی باڵندەن. وەک (شاباز، سیمرغ، مراوی، هوما، مەلەکەتاوس)، هەروەها بەشێکی تریان گیاندارانی وەک (ئەسپ، پڵنگ، گورگ و چەندان گیانداری دیکەن).

٢- دەستەی دووەم ئەو گیاندارانەن، کە لە ڕێوڕەسمی قوربانیکردندا دەکرێن بە قوربانی و لای یارسانەکان و لە ڕامانی یارساندا گیاندارانی پیرۆزن و سوود لە گۆشتەکەیان وەردەگیرێت بۆ قوربانی. وەکوو (گا، کەڵەکێوی، مەڕ...

تاد).

٣- پیرۆزیی بەشێک لە گیاندارەکان دەگەڕێتەوە بۆ ڕەنگدانەوەی گیانی پێشەوا و پیرانی ناوداری ئایینی یارسان لە لەشی ئەو گیاندارانەدا، بەپێی فەلسەفەی دۆنادۆن.

**سەرچاوەکان**


*** کتێب**

١ - بۆرەکەیی، سدیق سەفی زادە (١٣٧٥): نامەی سەرئەنجام یا کەلام خزانە،چاپی یەکەم، چاپخانەی حیدری، تاران.

٢- بۆرەکەیی، سدیق (٢٠٠٨): مێژووی وێژەی کوردی، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

٣- هەورامی، نامیق (٢٠١٣): هەورامی زمانی ئایینی یارسان، چاپی یەکەم، چاپخانەی لەریا، سلێمانی.

٤ - هەورامی، نامیق (٢٠١٣): پەیڕەوکارانی یارسان لە کرمانجی سەروودا، چاپی یەکەم، بەڕێوبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

٥- نەبەز، جەماڵ (٢٠٠٨): فەلسەفە و ڕامانی یارسانی لە فەرهەنگ و کۆمەڵگەی کوردەواریدا، چاپی یەکەم، چاپی کۆمەڵەی یارسان، سوید.

٦- تاهیری، تەیب (٢٠٠٩): مێژوو و فەلسەفەی یارسان، و: بێهزاد خۆشحاڵی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٧- حیجازی، محەمەد (٢٠١٢): شوناسی ئولی و فەلسەفەی نەتەوەی کورد، چاپی یەکەم، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.

٨- خەزنەدار، مارف (٢٠٠١): مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

٩- میرزادەیی، ئاکۆ محەمەد (٢٠٢٠): مێژووی دێرینی کورد، چاپی دووەم، نووسینگەی تەفسیر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

١٠- کاکەیی، فەلەکەدین (٢٠١١): ئاینی کاکەیی (یارسان).

١١- قادری، زەکەریا (٢٠١٨): کوردناسی، و: سەلاح بارامی، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، سلێمانی.

*** گۆڤار و ڕۆژنامە**

١- عەبدوڵلا، سەباح (٢٠٢٠): ئیستێک لەسەر وشەی یارسان، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (٢٧٢).

٢- پیربالٌ، سازان سەباح و محەمەد زریان جیژنی (٢٠٢٢): ئەفسانە لە نێو ئاینە کوردییەکاندا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (٥٠)، هەولێر.

٣- جیژنی، زریان محەمەد (٢٠١٥): کاریگەریی ئاینی یارسان لە پاراستنی زمانی کوردی، ژمارە (٣٢)، هەولێر.

٤- تۆفیق، زرار سدیق (٢٠١٧): کاکەیی- ئەهلی هەق لە سەرهەڵدانەوە تا سوڵتان سەهاک، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (٣٩)، هەولێر.

٥- موکری، محەمەد (٢٠١٣): مۆسیقای پیرۆزی کوردانی ئەهلی هەق، و: خالید مەجید فەرەج، گۆڤاری گەلاوێژی نوێ، ژمارە (٦٠)، سلێمانی.

٦- کاکەیی، فەهمی (٢٠١٣): دەروازەیەک بۆ ناسینی ئایینی یارسان، ڕۆژنامەی باس، ژمارە (١٢٦)، هەولێر.

*** سایتی ئەلیکترۆنی**

https://www.dabran.org/dreje.aspx?-jimar=56228paiwandidar